

# لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بوکێنی کچەکانیان شایی و زەمەوەند دەگێڕن

گوڵان - مەهاباد
ئامادەکردنی: ئاسۆ

رۆژی پرۆسەی هاوسەرگیری و چوونە ناو کەژاوەی زێڕینی دوو ڕەگەزی نێرومێ لەناو کەلتووری گەلانی جیهاندا بەڕۆژێکی شادی و خۆشی ناسراوە، هەر کام لەگەلانی سەر گۆی زەوی چەندین ڕێوڕەسمی شادی و خۆشی و شادمانی دەربڕینیان لەم ڕۆژەدا هەیە. کۆمەڵگەی کوردیش وەک هەموو گەلانی دیکە لەم ڕۆژەدا شایی دەگێڕێ و تەنانەت گەر بڵێین کەلتووری کۆمەڵگەکەمان لە کەلتووری بووک گواستنەوەو زەماوەند کردن بەبەراورد



**کەلتووری گەلانی باڵادەستی وڵاتەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر کەلتووری ئەو پارچەی کوردستان کە کەوتۆتە سنووری ئەو وڵاتەوە**

بەزۆربەی گەلانی دیکە دەوڵەمەندترە زێدەڕۆیی تێدا نەکراوە. دەستەواژەکانی «شایی، زەماوەند، گۆڤەند، دیلان، هەڵپەڕکێ، داوەت...تاد» لەم دەستەواژانەن کە تایبەتن بەڕێوڕەسمی ڕۆژی پرۆسەی هاوسەرگیری... خۆرهەڵاتناسان و گەشتیارانی گەڕۆکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی کە بەکوردستاندا ڕابراون باسی کەلتووری دەوڵەمەندی شایی و زەماوەندی کۆمەڵگەی

کوردیان کردووە. زۆربەیان لەسەر ئەم بڕوایەن و لەکتێبەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە کە کورد گەلێکە حەز دەکات ڕۆژە ناخۆشەکانیشی بەشادی تێپەڕ بکات و گەلێکە حەزی لەشاییە، نەک شین بۆیە لەناو ئەو گەلەدا کەلتووری شایی زۆر دەوڵەمەندترە لەکەلتووری شین و ماتەمی.

ئایا ئەم ڕۆژی شادی و خۆشییە، ئەم شادمانی دەربڕینە هەر پێوەندی هەیە بەماڵباتی تاکی نێرینە، یانی هەر شاییەکە ماڵی زاوا دەگرێتەوەو ماڵباتی بووک لەشایی کچەکەیان یان خوشکەکەیاندا هیچ هەستێکیان نییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە هەڵوستە و ئاماژەیەک بەدابەشبوونی سیاسی و جوگرافیای کوردستان بکەین..

کە کوردستانی مەزن بەسەر چوارپارچەدا دابەشکرا، دابەشکردنەکە هەر دابەشکردنی جوگرافی و سیاسی نەگرتەوە، بگرە کەلتوور و داب ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش دابەشکران و سنووریان کەوتە نێوانەوە، بۆیە هەر پارچەی کوردستان لەم ڕۆژەدا جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکیان بۆ ئەم ڕۆژە هەیە، کەلتووری گەلانی باڵادەستی وڵاتەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر کەلتووری ئەو پارچەی کوردستان کە کەوتۆتە سنووری ئەو وڵاتەوە.. ئەوەی لەم بابەتەدا جێگای ئاماژەی ئێمەیە کەلتووری باشووری کوردستان واتە ئەو پارچەی کەوتۆتە سنووری وڵاتی عێراقەوە. سەرەتا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونەیەک باس دەکەین.

هاوینی ساڵی ڕابردوو، هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسی باشووری کوردستان بەمەبەستی سەردان هاتبووە لای ئێمە لەشاری مەهاباد، تومەز لەماڵی هاوسێیەکەمان شایی بوو، دەنگی گۆرانیبێژی شاییگێڕ و مۆسیقا و تریقە و قاقای پێکەنین بەسەر هەموو گەڕەکەکەدا زاڵ بوو، هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم پرسی، ئەوە حکومەتی ئێرە سەبارەت بەو شایی و هەڵپەڕینە گرفتێکتان بۆ ناهێنێتە پێش! گوتم نا لەسنووری گەڕەکەکەدا هیچ شتێك نایەتە گۆڕێ و بەربەستێك دروست ناکات.. گوتم حەز دەکەی بچین سەرێك لەشایی و هەڵپەڕکێی لای ئێمە بدەین، هەرچەندە ڕەنگە شاییەکەشمان وەک هی ئێوە خۆش نەبێت، ئەوە ماڵە هاوسێیمانە و کچەکەی دەگوازرێتەوە.. کە وام گوت واق وڕما و

سەری سوڕما، بەسەرسوڕمانەوە پرسی چی! کچەکەی دەگوازرێتەوە؟! یانی ماڵی بابی کچە شایی دەگێڕن؟! پێمگوت دەزانم ئەوە بۆ تۆ جێگای سەرسوڕمانە، بەڵێ هەر ڕاستە وایە ئەمە کەلتووری لای ئێمەیە، کە وام گوت زۆر حەزی کرد لەنزیکەوە شاییەکە ببینێ..

پێکەوە چووینە لای شاییەکە، گوتم هاوڕێم ئەو گەنجەی سەرچۆپی دەگێڕێ، ئەوە براگەورەی بووکە! ئەو پیاوەی لەلای بووک ڕاوەستاوە ئەوە باوکی بووکە، ئەوە کوڕە



**لەکوردستانی عێراق ئەم ڕۆژەی کە کچ یان خوشکەکەیان دەگوازرێتەوە تاکی نێرینە ماڵ جێدەهێڵن**

تازە لاوەش کە خزمەتی میوانان دەکات برای بووکە.. هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم بێدەنگییەکی تەواو دایگرتبوو، چاوەکانی هەزاران پرسیاری لەخۆگرتبوون. بێدەنگی و واق وڕمانەکەی سەرسامی نەکردم، دەزانم لەبەشە کوردستانی عێراق ئەم ڕۆژەی کە کچ یان خوشکەکەیان دەگوازرێتەوە، تاکی نێرینە ماڵ جێدەهێڵن! هەربۆیە لەگەڕانەوە لەماڵی بووکدا، گوتم دەزانم بەتەواوی سەرت سوڕماوە، ئەو پرسیارە لەخۆت دەکەی چۆن دەبێ تاکی نێرینە لەم ماڵەدا لەماڵەوە بن، چۆن شەرم دایانناگرێ لەشایی خوشك یان کچەکەیاندا شایی بکەن؟ دڵێی چەندە شورەبییە ئەوانە لەشایی کچەکەیاندا سەرچۆپی دەگێڕن؟ بەڵام من

ئاراستەی پرسیارەکانم پێچەوانە دەکەمەوە، باشە ئێمە ناڵێین بوونی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر لەیەکسانی نێوان ژن و پیاودایە، هەتا ئەو دوو جەمسەری ژیان نایەکسان بن، کۆمەڵگە بەختەوەر نابێت؟ بۆچی تۆ لەکاتی شایی براکەت یان کوڕەکەت جوانترین جل دەپۆشی بەباشترین جۆر خۆت دەڕازێنیەوە، سەرچۆپی نادەی بەکەس، شاباش دەبەخشیەوە.. بۆ لەشایی خوشکەکەدا خۆت حەشار دەدەی؟ کامە لۆژیك دەڵێت ئەوە نەنگییە کە لەشایی خوشکەکەت یان کچەکەت بەشدار بی؟ چەندە سەربەرزییە باوك یان برا دەستی خوشکەکەیان بگرن و زۆر بەگەرمییەوە لەباوەشی بگرن و بڵێن بەخێرچی و بەختەوەر بی و هیوای شادیت بۆ دەخوازین و دیاری خۆیان لەم ڕۆژەدا پێشکەش بکەن!

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم، گوتی لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانت دام، بەڵام چ بکەم ئێمە کۆت و بەندی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دەوری داوین و ئەگەر من لەودیو ئەوە بکەم بڕوا بکەن بەچاوێکی دیکە سەیر دەکرێم، کەچی مەرج بێت ئەگەر کچەکانم کاتی شووکردنیان هات، بەم شێوەیە بیانگوازمەوە و وەك کوڕەکەم حیسابیان بۆ بکەم، کۆمەڵگە چم پێدەڵێت با بڵێت.

گوتم هاوڕێم کە گەیشتیە ئەو بڕوایە و خۆت قەناعەتی ئەوەت لا دروست بوو، کوڕ و کچ هەردووکیان منداڵی تۆن لەشایی



**کامە لۆژیک دەڵێت ئەوە نەنگییە کە لە شایی خوشکەکەت یان کچەکەت بەشدار بی؟ چەندە سەربەرزییە باوک یان برا دەستی خوشکەکەیان بگرن و زۆر بەگەرمییەوە لە باوەشی بگرن و بڵێن بەخێرچی وبەختەوەر بی**

و خەمی هەردووکیاندا وەك یەك دەبێ بەشدار بین، کەوایە لەڕۆژنامەکانی ئەوێدا بینووسە و ئەو گۆمە مەنگە بشڵقێنە، گەر تۆ کۆتەکەت شکاند کۆمەڵگەش سەیرت دەکات و لەخۆتەوە دەست پێبکە.. نازانم هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکە بەڵێنەکەی گەیاندۆتە سەر یان نا؟

بەنەنگ زانینی شایی کردن لەڕۆژی گواستنەوەی تاکی مێینەدا ڕەنگە ڕەنگدانەوەی کەلتووری گەلی عەرەب بێ کە وەك کەلتووری گەلی خاوەن دەسەڵات دەرباز بووە بۆ ناو کەلتووری ئێمە، ئەگینا گەر بۆ ڕابردووی دوورتر بڕۆین، هەر لەو هەرێمەی کوردستاندا هیچ جیاوازییەك لەنێوان ڕۆژی شایی کچ و کوڕ لەلایەن بنەماڵەی کچەوە نەکراوە. هەتا کۆمەڵگە دواکەوتوو بێت، کەلتوورە دواکەوتووەکان زیاتر ڕەگ دادەکوتن، ئێستا لەناو چینی دەوڵەمەند و خواپێداوی هەرێمی کوردستاندا دەبینین، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان شایی کچ وکوڕان.. هیچ پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و خاوەن سەرمایە لەهەرێمی کوردستاندا لەڕۆژی شایی کچەکەیدا خۆی حەشار نادات، بگرە ئەوەی لەدەستی بێت بۆی ئەنجام دەدات، ئەو کەلتوورە زیاتر لەنێوان چینی خوارووی کۆمەڵگەدا بوونی ماوە.

نەریتی خۆدزینەوەو حەشاردانی تاکی نێرینە لەزەماوەندی کچدا، هیچ بنەمایەکی ئایینی نییە، تەنانەت گەر وەك چاولێکەرییەکی ئایینی سەیر کرابا و پێڕەوی ئایین کرابا، دەبا پێچەوانە ئەوە هەنگاو نرابا، چونکە لەکاتی گواستنەوەی فاتیمەی کچی پێغەمبەر (د.خ) بۆ ئیمامی عەلی، خودی پێغەمبەر دەستی کچەکەی گرت و نایەدەستی ئیمامی عەلی و نێوچەوانی کچەکەی ماچ کرد و هیوای ژیانێکی خۆشی بۆخواستن.. بەڵام بنچینەی ئەو کەلتوورە بۆ سەردەمی خێڵەکی و عەشیرەتگەری دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمەی کە پانتاییەکی بەرفراوان لەکۆمەڵناسی کوردیدا لەخۆ دەگرێت..



# بەڕێوەبەرەکەی گوڵە

توێژەری دەروونی: ئاشتی عەبدوڵڵا

**هەمیشە حەزم بەوە دەکرد دەلاقەیەك ببینمەوە تاوەکو هەستەکانمی تێدا دەرببڕم و دەنگم بگەیەنمە گوێی گەلەکەم، زۆر شت لە مێشکمدا بوون و لەپێناوی داکۆکیکردن لە دۆزی ئافرەتان بتوانم بنووسم و سنوورێك بۆ کۆمەڵگەی پیاوسالاری و نێرسالاری دابنێم، مرۆڤ ئەگەر لەوەشدا ڕووبەرێکی زۆر بەرفراوانیشی نەبێت دەتوانێت لە ژینگەکەی خۆیدا بیروڕای خۆی دەربڕێ ئەمەش بە قۆناغ ناوزەد دەکرێ و دەشێت لە ئاییندەدا ئەو خەونەی بێنێتەدی و ببێتە ڕۆشنبیرێك دیدگای هەموان بگۆڕێت.**

من کچێکم لە بواری ڕۆشنبیریدا خۆم دۆزییەوە، وا چەند ساڵێکە ئەزموونم هەیە لە نووسیندا و توانیومە لە چەند دەرگایەك بدەم کە پێشتر هیچ ئافرەتێك لێینەداوە لە کۆمەڵگەکەماندا، بێگومان بوومە کەسێکی ناسراو و زۆر دەستخۆشیم لێکرا لە لایەن دەستە خوشکەکانمەوە. هەر ئەو ڕێیەی گرتبووم وای لێکردم بچمە ڕۆژنامەیەك و وەك بەرپرسی لاپەڕەی ئافرەتان تێیدا کار بکەم، بەهۆی ئەوەی کەسێکی شیاو نەبوو لە پرسگەدا ئارام بێ و تاسەر بەردەوام بێت لە کارەکەی، بۆ تاووتوێکردنی نووسین و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی نووسەران مێزەکەی خۆم گواستەوە بۆ پرسگە و هەم لاپەڕەکەشم بەڕێوە دەبرد هەم کاری پرسگەش، ڕۆژانی دواتری ئەو ڕۆژنامەیە کەمبوونەوەی هاتوچۆی نووسەران و ڕۆشنبیران بوو بۆ نووسینگەکە و کاتێکی شیاوم هەبوو بۆ نووسینی بابەتەکانم.

سەرنجمدا کوڕان و گەنجانێك کە شوێنەکەیان چۆڵ دەبینی دەهاتن و دادەنیشتن لە پرسگەکەدا، دەکەوتنە قسە و نوکتە و دروستکردنی دۆخێك بۆ پێکەنین و نزیکبوونەوە لێم، لەو ماوەیەدا زۆر لەو کوڕانە، زۆر لەو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانە هەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبایە باسی سێکسیان دەهێنایە پێشەوە تاوەکو لەسەری بنووسم و هانیان دەدام وەك کچێکی بوێر و چاونەترس بنووسم، بەڵکو ئازادیش بم و زیاتر بکرێمەوە لەگەڵیاندا، لەو دەرفەتانەدا داوای پەیوەندییان لێدەکردم و بەناوی هاوڕێیەتییەوە دەکەوتنە قسە، کار گەیشتە ئەوەی داوای کردنی کارێکیشیان لێکردم کە جەستەیی بێ و لەگەڵمدا ڕابوێرن، وەختەبوو هۆشم لەلا نەهێڵن و هەرچیەکم دەبینی جگە لە سێکس هیچ شتێکی تریان لە من نەدەویست و ڕۆژێك یەکێك لەو بەناو ڕۆشنبیرانە تەمای بوو پەلاماریشم بدات و نووسینگەکەم جێهێشت.


وازم لە کارەکە هێنا و بەڵکو چیتر نووسینیشم بۆ ئەو ڕۆژنامەیە نەناردەوە، هاوڕێیەکم هەبوو کە لە ڕۆژانی خوێندنەوە دەمناسی و زانیبووی وازم لەو ڕۆژنامەیە هێناوە، بە تەلەفۆن پێی وتم دەبێت بمبینێ و لە گۆڤارێکدا کاربکەم کە نیو مانگییە و موچەیەکی باشم دەدەنێ جگە لە پاداشتی نووسینەکانیشم. چووم، بە بەڕێوەبەری نووسینی ناساندم و ئەویش سەرەتا تەواو لە لەشولارم وردبۆوە وەك ئەوەی توانستی نووسین و کارکردن جەستەیی بێ نەك ئەقڵ و بیرکردنەوە.

گوڵەی هاوڕێم وەك کوڕێکی ئازاد ڕەفتاری دەنواند و هەرگیز لەوە نەدەچوو شووی کرد بێ و منداڵیشی هەبێت، وامزانی جرپن بووە و شووکردنەکەی شەرمی نەهێشتووە، بەڵام ئازادانە قسەی بێ پەردەی دەکرد و لەگەڵ بەڕێوەبەردا نێوانی زۆر خۆش بوو، دوو مانگ کارم کرد و ڕۆژێك گوڵە پرسیاری ئەوەی لێکردم کە چۆن دەژیم بەبێ ڕەگەزی بەرامبەر و منێك کە ڕۆشنبیرم بۆچی جەستەی خۆم دیل کردووە و لە خۆشییەکان بێبەشم، یان چەندە بەتەنگ مێشکمەوەم ئەوەندەش جەستەی مێینەم فەرامۆش نەکەم و ئازادی بکەم، وەك میوەیەکی گەییو بهێڵم تام بکرێ و چەندەها چیرۆکی شەوانی سوور و پیشاندانی چەندەها تۆماری وێنەی سێکسی وروژێنەر. بەڕێوەبەرەکەش جارێکیان بە گوڵەی وت بەباشی تێم بگەیەنێت ئەوەی پێی وتووە، وەها لێی پرسییەوە کە چۆن نەیتوانیووە تا ئێستاکە ئەو ئەرکەی پێی سپاردووە بیهێنێتە دی.

وتم هاوەڵەکەم زۆر کەیفی هەیە و گوێم نەدەدایە ڕەفتارەکانی، دەموت خەڵکەکە هەر بیر لە سێکس و عەشقبازی دەکەنەوە و بووەتە زمانی سەردەمە شپرزەکەمان. گوڵە ڕۆژێك کاتی بۆ دانام تاوەکو زووتر بچمە نووسینگەی گۆڤارەکە بۆ هەندێ کاری پێویست و منیش بە ئەرێ وەڵامم دایەوە، ڕۆیشتم و بینیم گوڵە نەهاتووە، وتم بڵێی تەفرەی دابم تاوەکو کەسێك بەتەنیا بمبینێ و دەرگام لەسەر دابخات، کەمێك ترسام و ویستم بڕۆم، بەڵام گوێم لە پێکەنینی گوڵە بوو لە ژووری بەڕێوەبەری نووسیندا و بانگم کرد، ئەویش بانگی کردمە ژوورەوە و وتی فریام بکەوە کچێ، بەپەلە دەرگای ژوورەکەم کردەوە و بینیم گوڵە و بەڕێوەبەر بە شێوەیەکی نەشیاو وەستاون و خەریکی کاری دەستبازین و وەختێك لەو دیمەنە خێرایەدا منی بینی وتی وەرە فریام و ڕزگارم بکە، لە بەڕێوەبەر تووڕە و پەست بووم و هاوارم کرد بەسەریدا، بەڕێوەبەریش وتی ئەو مەبەستیەتی لەو کاتەدا ماچت بکات و بێ کەسێکی تر ئارام نابێتەوە. دەزانم وێنەی ڕۆشنبیران بەناو ڕۆشنبیرانێك لەلایان شێواندووم و ناتوانم وەك جاران ڕێزیان لێ بگرمەوە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە وا دەزانن ئازادی ئەوەیە هەر ڕۆژەی لەگەڵ کەسێکدا بیت و بەو شێوەیە دەگەیتە ماناکانی ژیانێکی گەشەسەندوو، یان بوێریی و ئازایی ئەوەیە جەستەت ڕەها بکەیت بەناوی خۆشەویستییەوە و ئەوەش شکاندنی دابونەریتە چەقبەستووەکان.



# پەپولەکانی سەر شەقام لەدەست قسەی نەشیاو و هەژاری دەناڵێنن



«ئاواتم ئەوەیە بچمە شـــاری یاری فاملی فان» ئەمە قسەی خەسرەو زیاد تەمەن پانزە ساڵانە، ئەم چاو گەشە ڕۆژانە کلێنس دەفرۆشێت لەسەر شەقامەکان و دەڵێت «زۆربەی کاتەکانم ڕۆژانە و تائێوارە خەریکی فرۆشـــتنی کلێنسم بۆئەوەی کە گەڕامەوە ماڵەوە باوکم ئازارم نەدات». ئەو منداڵە چاوەگەشە ئەوەش دەخاتەڕوو کە هیواو ئاواتی ئەوەیە وەکو هەموو منداڵەکانی تر ڕۆژێك ســـەردانی شاری یاری فاملی مۆڵ بکات، بەڵام لەبەر کەم دەرامەتی ئەو ئاواتەی نەهاتۆتەدی.

هەروەها هۆزان عەبدولخالق منداڵێکی تری تەمەن ١٣ ساڵیەو لەپۆلی شەشـــەمی بنەڕەتییە، وتی «لەبەر نەبوونیی و هەژاریی دەســـتم داوەتە کارکردن، چونکە باوکم بەتەنیا ناتوانێت بژێو ماڵەوەمان دابین بکات، ئەمە بێجگە لەوەی باوەژن دایکم هەیە و بەخێومان ناکات، بۆیە ڕۆژانە دوای گەڕانەوەم لەقوتابخانە لەنێو شەقەماکاندا بنێشت دەفرۆشم». هۆزان باس لەوەشدەکات و دەڵێت «خەڵکی جۆراو جۆر دەبینم و هەیە ئازارمان دەدات و قسەی ناشرینمان پێدەڵێت هەشیانە زۆرباشن، بەڵام هەمیشە شوفێری تەکسیەکان جنێومان پێدەدەن و قسەمان پێدەڵێن».





## ئەو منداڵانەی لەسەرشەقامەکان کاردەکەن بەردەوام حەز دەکەن تۆڵە لەکۆمەڵگە بکەنەوە

کەژاڵ سلێمان توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو منداڵانەی کاردەکەن دەڵێت «بێگومان ئەوانەی کە کاردەکەن ڕووبەڕووی زۆرگرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی جۆارو جۆر دەبنەوە و ڕووبەرووی توندوتیژی جەستەی دەبێتەوە و کەسێکی دڕندەی لێ دروست دەبێت، یەکێك لەو خەسەڵتانەی کەمنداڵی ئیشکەر تێیاندا دروست دەبێت ئەوەیە کە ئەو منداڵانە هەرگیز فێری ڕێزگرتن نابن لەکەسانی تر، واتا کەسانێکیان لێ دروست دەبێت کەناتوانن ڕێزی خەڵکی لەخۆیان گەروەتر بگرن و هەمیشە بیر لەکاری توندوتیژی و کاری نابەجێ دەکەنەوە و زۆربەیان تووشی نەخۆشی دەروونی دەبنەوە، هەمیشە هەست بەوە دەکەن کە کۆمەڵگە دژایەتیان دەکات و بەشێوەیەکی نەشیاو مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، چونکە ئەو منداڵانە لەخێزانێکی پەرتەوازەوە هاتوون ژینێکی بێ بەرنامەیان هەبووە بەشێوازێکی نەشیاو پەروەردەکراون لەنێو خێزانەکانیاندا بەشێوەیەکی نەگونجاو پەروەردەکراون کە پارە هەموو شتێکە لەبەر ئەوەی ئەو منداڵانە بەڕێگەیەکی نادروست دەچنە نێو کۆمەڵگە هەمیشە وەها هەست دەکەن کەهەموو شتێك بەپارە چارەسەر دەبێت». کەژاڵ ئەوەش دەخاتەڕوو، کە ئەو منداڵانەی کاردەکەن هەمیشە ڕووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، جاچ جۆرە توندوتیژییەك بێت چ جۆرە کارێك بکات، ئەوا ڕۆحێکی شەڕانگێزی توندڕەو لەلای دروست دەبێت و هەمیشە دەیەوێت تۆڵە لەکۆمەڵگە بکاتەوە، لەبەرئەوەی لایەنە بنەما خراپەکانی کۆمەڵگە وەردەگرن.

### زۆربەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە

توێژەری دەروونی بەهار ڕەفیق فەتحولا پێیوایە، لەلایەنی دەروونیەوە منداڵی ئیشکەر هەردەم هەست دەکات کە کۆمەڵگە تەنیا توندوتیژیە هیچی تر شکنابەت و دوای گەورەبوونی هزری توندوتیژی دەجولێت، لەبەر ئەوە کەسێکی توندڕەو و بێ بەرهەمی لێدروست دەبێت هەمیشە بەتوندوتیژی مامەڵە لەگەڵ دەوروپشتی دەکات. دەڵێت «چونکە ئەو منداڵانەی کە کاردەکەن ڕۆژانە بەشێوازی جۆارو جۆر ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سێکسی دەبنەوە کە هەموو ئەمانەش کاریگەری سلبی لەسەر لایەنی دەروونی ئەو منداڵانە دروست دەکات». بەهار جەخت لەوەش دەکاتەوەو دەڵێت «زۆربەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن ڕووبەرووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، کەئەمەش ترسناکترین و نالەبارترین قەیران لەسەر دەروونی ئەو منداڵەدا دروست دەکات. بێجگە لەوەی زۆر منداڵ هەن لەکاتی دەستکردن بەکارکردندا ناچاردەبن واز لەخوێندن بهێنن و کەسێکی نەخوێندەوار دروست دەبن».

### پێویستە ڕێکخراوەکانی منداڵان یەك ڕاو یەك دەنگ بن

فەرهاد وەك باسی دەکات و دەڵێت «ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٧ پرۆژە یاسای کارکردنی منداڵانی دا بەوەزارەتی کار و بۆئەوەی بیخاتە نێو بواری جێبەجێکردنەوەو بیخاتە نێو کاری بەرنامەی خۆیەوە بۆپاراستنی مافەکانی منداڵ، وەزارەتی کار بەهەماهەنگی لەگەڵ ژمارەیك ڕێکخراوی ناحکومی پرۆژە یاسایەك ئامادەکراوە بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو پرۆژە یاسایە پێویستی بە تەعدیلاتی زۆرە واتا کارکراوە بۆ پرۆژە یاساکان، بەلام ئەوەی گرنگە هەر ڕێکخراوێك لە ئێمە ڕوئیایەکمان هەیە بۆکارکردن و بەرنامەیکمان هەیە و دەبێت ئەو کارەی کەدەیکەین دەبێت بزانین بۆ دەیکەین چۆن دەیکەین، بۆئەوەی فشار بخرێتە سەر لایەنی حکومەت و پێویستە ڕێکخراوەکانی منداڵان یەك ڕاو یەك دەنگ بن. چەندینجار کۆڕ و سیمینارمان ئەنجام داوە بۆئەوەی بتوانین کارێك بکەین، بەڵام نەك تەنیا ئەوەش ببێت بەژمارەیەك لەژمارەکان و تەنیا دانیشتن بێت». فرهاد ئەوەش دەخاتەڕوو، کە زۆربەی ڕێکخراوەکان ئەوەندەی گرنگی بەرێکلام و ڕاگەیاندنەکان دەدەن ئەوەندە گرنگی بەمنداڵەکان نادەن، ڕەنگە ئەوان ئەوەندە مەبەستیان خۆناساندنە ئەوەندە مەبەستیان کارکردن نییە».

سەبارەت بەوەی تاچەند ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان توانیویەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، فرهاد بەڕێوەبەری ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان وتی «ئێمە وەك ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٧) دەستمان بەم پرۆژەیە کرد، ئەویش بەئەنجامدانی ڕووپێوێك لەساڵی (٢٠٠٧) تەنیا لەسەنتەری ناوشارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، (١٤٨٧٨)منداڵی ئیشکەر لەهەرێمی کوردستان هەبوو، بێگومان لەساڵی (٢٠١٠) کە کۆتای پرۆژەکە بوو ڕووپێویکمان کرد ڕێژەکە کەم بۆتەوە بۆ (١٢٤٧٩)، ئەمە ڕێژەی گشتیی، ئەگەر تەماشا بکەین لەکۆی ڕێژەی گشتی(١٤٨٧٨) ساڵی (٢٠٠٧)دا، تەنیا (٧٣٠٥) ڕێژەی ڕاستەقینەیە، بێگومان ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠١٠) کەمبوۆەوە بۆ(٤٨٩٠) منداڵ، واتا لە (٧٣٠٥) دابەزیوە بۆ ((٤٨٩٠) ) وتا ڕێژەکە بەشێوەیکی بەرچاو لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا دابەزیوە، ئەوەی گرنگە ئێمە ناڵێین بەتەنیا وەك منداڵپارێز ئەم کارەمان کردووە، بەڵکو بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاردا توانیمان تاڕادەیەك کارەکە ئەنجامبدەین، ئێمە قەتیش بانگەشەی ئەوەمان نەکردووە کەئەو ڕێژەیە بەرەو نەمان ببەین، چونکە ئەوە ئامانجێکی زۆر گەورەیە ئێمە وەك ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠١٠ لەو پرۆژەیە وەستاین و دامان بەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە نیازی ئەوەن تەبەنی بکەن وکاری لەسەر بکەن».

### چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە

سەبارەت بەچارەسەکردنی گرفتی منداڵانی ئیشکەر بەهار دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی منداڵانی ئیشکەر پێویستە چەند هەنگاوێك بنێین، لەوانە هەوڵبدەین ئەو منداڵانە بەر لەهەموو شتێك بیانگەڕێنینەوە بۆخوێندن و هانیان بدەین، ئەگەر تەمەنیشیان بەسەرچووبێت دواتر دەبێت سەرجەم ئەو منداڵانەی بەقۆناغی چاکسازیدا تێبپەڕیون واتا پێویستە سەنتەرێکی چاکسازی کردن تایبەتی بۆمنداڵانی ئیشکەر هەبێت و سەرجەم کارمەندی پسپۆڕی جیاوازی تیادابێت، چونکە چارەسەری ئەو منداڵانە پێویستی بە پسپۆر و توێژەری دەرونی و کۆمەڵایەتی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆریان ڕووبەڕووی گرفتی دەروونی بوونەوەتەوە بەهۆی ئەو توندوتژیانەی کەدژیان ئەنجامدراوەو لەبەر ئەوە پیویستیان بەوەهەیە کەماوەیك لەژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕدا بن و لەلایەن کەسانی پسپۆری کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە چارەسەربکرێن، ئەو کات دوای ئەو قۆناغە دەتوانرێت ئەو منداڵانە بهێنرێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگە».

